کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-1-2007 17:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ رێز لە شەهریبانا کوردی وجەواد مەڕوانی دەنێت.

ئێوارەی رۆژی 7/1/2007 ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ سیمینارێکی تایبەتی بۆ رێزگرتن لە هونەرمەندی ناسراوی کورد شەهریبانا کوردی رێکخست، لەو کۆڕە تایبەتیەدا کە هونەرمەند جەواد مەڕوانیش ئامادەبوو، سەرەتا شەهریبان باسی لە دەسپێکی هونەری خۆی وکاروبەرهەمەکانی کرد، ئینجا جەواد مەڕوانیش کورتەیەکی دەربارەی دەوڵەمەندی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردی کردوتیشکی خستە سەر کەڵك وەرگرتن ودزینی فۆلکلۆری کوردی لەلایەن عەرەب وتورك وفارس-ەوە، پاشان لەلایەن هەردوو هونەرمەند ەوە وەڵامی پرسیاری ئامادەبووان درایەوە، لەکۆتاییشدا وەك رێزنان لە خەباتی هونەرییان بەرپرسی ماڵی کورد د. فەرەیدوون ڕەحمانی خەڵاتی پێشکەشی هەردوو هونەرمەند کرد.

هێژای گوتنە شەهریبانا کوردی وجەواد مەڕوانی کەیەکەمجارە سەردانی کەنەدا دەکەن رۆژی 6/1/007 بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵ ئاهەنگێکیان لەشاری تۆرۆنتۆ سازکرد کە ژمارەیەکی زۆری کوردستانیانی تۆرۆنتۆو شارەکانی دەوروبەری ئامادەبوون وخوێندنی چەند گۆرانییەکی نیشتمانی لەلایەن هونەرمەند شەهریبانا کوردی ئامادەبووانی هێنایە جۆش وبووە هۆی ئەوەی چەند جارێك سترانەکانی پێ دووبارە بکەنەوە بەتایبەتیش گۆرانی (وڵاتی مە کوردستانە)، کۆنسێرتەکەش بە دیلان وهەڵپەرکێی کوردی تا بەرەبەیان درێژەی کێشا.

راگەیاندنی ماڵی کوردلە تۆرۆنتۆ
www. kurdishhouse. org










